# گەنجان و حوکمەتی حیزبڕانی کوردی

## کۆی دیدارە پچڕاوەکەی گۆڤاری "لڤین"

**هەندرێن**

سەرنجێکی پێویست:

لە سەرەتای بەهاری ئەمساڵدا کاک هەردی مەهدی بە ناوی گۆڤاری "لڤین"ەوە چەند پرسیایێکی لەمەڕ کێشەی ئەمرۆی گەنجان و "دەسەلآت"ی کوردیدا بۆ ناردم، منیش دەست و برد وەلآمەکانم بۆ ناردەوە. دوای تێپەڕبوونی نزیکەی چوار مانگ بەسەر ئەو دیدارەوە، ئەوجا "لڤین" چەند تیکەی "مۆنتاژکراو"ی لە کۆی 8 لاپەڕەی وەلآمەکانی من بلآوکردەوە. دوای ئەمە من بە نامەیەک پرسیارم لە کاک هەردی مەهدی، "لڤین" کرد، کە هۆکردی ئەو "دەستێوەردان"م بۆ روونبکەنەوە، ئەویش بەهانەکەی ئەوەبوو، کە "گوایە" بەشێک لە وەلآمەکانی من پەیوەندی بە رووداوەکانی بەهار و خۆپیشاندانی گەنجانی هەڵبجە و کەلار و ... هەبووە، بۆیە بە پێویستیان نەزانیووە بلآوییکەنەوە. لێ خوێنەر دەتوانی بە دەم خوێندنەوەی ئەم دیدارەوە لەوە تێبگا، کە کۆی دیدارەکە پەیوەندییەکی دیاریکراوی بە کات و پێشهاتێکەوە نییە، بەڵکوو ئەو پچڕاندنە پەیوەندی بە گوڕاح و مجێزی "پەیوەندی" و مەیلی "شەخسی" بەرێوەبەرانی "لڤین"ەوە هەیە، کە بۆ بەندە شتێکی عەنتیکە نییە، لە کولانەی ئەو رەوشە عەنتیکەی کە ئیرۆ لە کوردستانێ لە ئارادایە فامی دەکەم، لێ ئەوەی من هەڵوەستەی لەسەر دەکەم ئەو کات بە فیرۆدانەیە بە گفتوگۆیەک کە ئاقیبەتی بێهوودەییە. لێرەدا دەبێ بێژم، کە من حەوسەڵەی ئەو حەنەحەپەشێ و گەمە "دەروێشبازی"، "پێڕبازی" و "چەواشەکار"ییانەم نییە کە ئەمڕۆ، وەک چۆن بواری حیزبیی، ئێلیی و جڤاکیی تەنیووەتەوە، بە هەمان شێوەش پانتایی نووسینیشی سیخناخکردووە. لەبۆیە لێرەدا هەر هێندە دەڵێم، کە "لڤین" کەیفی خۆیەتی چۆن مانگانە، وەک چۆن بەر دەرگای سینەمەکانی کوردستان بە وێنەی پاڵەوانەکانی فیلمی هیندییەوە دەرازێنرێنەوە، ئەوانیش بە وێنەی "هونەری" نووسەرانێکی دڵخواز و بە هەرمێنەوە بەرگی گۆڤارەکەیان برازێننەوە، یان نێوەرۆکی گۆڤارەکەیان بۆ شریتەی ئەو چاوپێکەوتنانە تەرخان بکەن، کە وەک فیلمە کۆمەلآیەتییەکانی میسر کۆتاییان نایێ، لێ کەیفی خۆیان نییە، بە مەهانەیەکی ئیوها، مینا گەمەی "دپلۆماسی"یانە، کە گوایە بەشێک لە بەرسڤەکانی من، پەیوەندیان بە بەهار و خۆپیشاندانەکانی لاوان هەبووە، لەبۆیە ناچار بوونە ئەوها بە قووتکردن و قۆقزکردن ئەو دیدارە بلآو بکەنەوە. کاتێک "لڤین" بەر لە یادی خۆپیشاندانی بەهاری پاری لاوانەوە داوا لە بەندە دەکا، کە "ئەگەر بکرێ لە ماوەی حەفتەیەکدا وەلآمەکانیان بۆ بنێرتەوە"، وێجا، گریمان ئەگەر بەشێک لە وەلآمەکانی من بەو کاتەشەوە بەند بوو بن، کە ئیوهاش نییە، ئەوە ئەوان بەرپرسیارن نەک من، کە بۆچی لە کاتی خۆیدا ئەو دیادارە بلآو نەکرایەوە! لێرەدا بە پرسیارێک لە "لڤین" و خوێنەران، ئەو روونکردنەوەیە خەتم دەکەم: ئایا بۆچوونەکانی من لەسەر ئەرکی ئەمرۆی گەنج، "رێخراوە مەدەنی"ی، رۆڵی گەڵەگایە ئایینی و حیزبیەکان لە کۆمەڵگای کوریدا و... هتد، چتۆ پەیوەندییەکی بە کاتی خۆپیشاندان، بەهار و بۆنەیەکەوە هەیە؟

**خۆپیشاندانەکانی گە نجان تەنها کردەوەیەك نەبوون بۆ نمایشی "بوونی گەنج" و لەوەش تێپەڕین کە تەنها کێشەی گەنج بخرێتەڕوو لەوێدا، لەوێ کێشەی کۆمەڵگەبوو گەنج دەریبڕی، زیاتر لەوەش بوو کە بە گێرەشێوێن و خائین لەقەڵەمبدرێن، بەڵکو خۆپیشاندانەکان ئە نجامێکن کە لەمیانی هەڵوێست و پرۆسەکانی دەسەلآت و پەراوێزخستنی هاولآتیانەوە بەرهەمهاتن، هەروەك لە دروشم و تووڕەیی**

**هاوڵاتیان و گەنجاندا دەخوێنرایەوە. بۆ خوێندنەوەی ئەم دیاردەیە و روانێنیکی وردتر لە روانینی دەسەڵات لە خۆپیشاندانەکان، ئەم دیدارەمان لەگەڵ شاعیر و رۆشنبیر (هەندرێن)دا سازدا.**

**پ1/ پێت وایە تا چەند دەسەڵات خوێندنەوەی بۆ خواستی خۆپیشاندەران و داواکانیان کردوە و بەدوایانداچووە؟**

هەندرێن: سەرەتا پێم خۆشە ئەوەتان پێ بێژم، کە من هەستدارییەکی سەیرم بەرانبەر دەستەواژەی "دەسەڵات" هەیە کە بنەمای سەرچاوەی هەموو پرسیارەکانی ئێوەیە. بۆ زانینیش من ئەوە یەکەم جارە رووبەرووی پرسیارێکی بەرهەستی وەک گەنج ببمەوە و هاوکاتیش بە هۆی بە باوکردن و لەبار بردنی ئەو بابەتەوە حەزم نەکردووە بەشداری ئەو بە هەدەر بردنەی وشە بکەم. دەخوازم بڵێم ئێمە کاتێک لەسەر پرسگەلێکی گەوهەری دەدەوێن، دەبێ دەست بە دەربڕینی دەسەواژەکانەوە بگرین. چونکە ئەوە زمانە کە خواست و ویست، گەوهەر و بەهای ئاوەزی ئێمە نمایش دەکا. کەواتە پێناسەکردنی ئەو حکومەتە ئاڵۆزەی کوردستان بە "دەسەڵات" ئاستەنگێکی زمانەوانییە. چونکە ئەمڕۆ لە ئاستی تیۆریی و واتاییەوە دەستەواژەی "دەسەڵات"، وەک خۆی، پێناسە و رەهەندگەلی پێناسەکراوی جیاوازی خۆی هەیە، کەچی ئەو دەستەواژەیە لە ناوکۆیی/کۆنتێکستی سیاسیی، یان لە جیهانی زمانی کوردیدا پێناسەیەکی دیاریکراوی نییە یان پڕ لە گرفتە، یان تەنیا بەو هێزە دەوترێ کە بەناوی حیزبەوە چەکدار و هێزی ماددی هەیە. بە کورتی لێرەدا دەکرێ بڵێین "دەسەڵات" بریتییە لە کۆی پەیوەندییەکانی گوتاری خۆی و تۆڕە جڤاکییەکان. دەسەڵات واتا: گوتارێکی رۆشنبیریی؛ شێوازی زمانێک؛ سیستەمێکی سیاسی خاوەن قانوون؛ کۆمەڵایەتیی؛ ئابووریی؛ سەرەوەریی نەتەوەیی؛ بەرپرسیارییەکی ئێتیکیی بەرجەستەکراو... هتد. لێرەوە ئەو شتەی کە لە باشووری کوردستاندا بەناوی "دەسەڵات" ناودێر دەکرێ، لێوانرێژە لە ئاستەنگی ئەو بنەما و زمانەوانییە. چونکە لە کوردستاندا چەندان "هێز"ی سەربازی، ئایینی، نەریتیگەرایی، خێڵگەرایی، کەسگەلێکی کەڵەگا و ... هتد هەنە کە جڵەوی کوردیان بە دەستەوەیە، کەچی ئێمە لە ئاخاوتن و نووسینەکانماندا ئەو هەموو هێزە رەمەکیی و نەریتگەرایە حوکمڕانە لێکترازاوە عەنتیکانە بە "دەسەڵاتی کوردی" ناو دەبەین. بە کوردی ئەمڕۆ لە کوردستاندا وێڕای دوو حوکمڕانی حیزبی، سووپایەک لە دەمڕاستی ئایینی و خێڵەکیمان هەیە کە هیچ زمان، دەستوور و قانوونێکی دانپێنراویان نییە تاکوو وێنایەکی دیاریکراومان لەبارەیانەوە هەبێ.

کەواتە "دەسەڵات"ی کوردی هەر لە بنەڕەتدا نەک هەڵگری خولیایەک نییە بۆ خوێندنەوەی خۆپیشاندان و داوایەکانیان، بەڵکوو رەتکەرەوەی هەموو بەرتەکێکە لە هەمبەر جەماوەر یان گەنجگەلێک کە دەخوازێ بە شێواز و رێگای جوودا گفتوگۆیان لەگەڵدا بکا و مافەکانیان دەستەبەر بکاتەوە. لەبۆیە ئاخێوەری دەسەڵاتی حیزبی و رۆشنبیریی کوردی، کە لە رێگای زمانەوە خۆیان نمایش دەکەن، بۆ خۆیان دەدوێن نەک بۆ کۆی هاوئاخێوەرەکانی. لێرەوە "خوێندنەوە"ی "دەسەڵات"ی کوردی بۆ دیاردەی خۆپیشاندانەکان و ناڕازیبوونی جەماوەر و گەنجان، تەنیا لە هەوڵی ئەوەدا بووە ورێنەی غەریزەکانی بسەپێنێ نەک گوێ بۆ هاواری گەنجان و هۆکردەکانی تووڕەبوونی بگرێ. لێرەوە ئەو حیکایەتانەی "دەسەڵات"ی کوردی، جەختکردنەوەیە لە گرفتی نەبوونی بەرپرسیاریەتییەکی ئێتیکی، غیابی قانوون، دەستوور؛ دابەشکردنی ماف و ئەرک؛ سیستەمێکی نوژەن و بڕوا پێکراو لە نێوان جەماوەر و حیزبی کوردیدا؛ لە نێوان نوێنەر و هاووڵاتیاندا. دەسەڵاتی کوردی چونکە خۆی بە پیرۆز و تاپۆیەک دەزانێ، بۆیە هەوڵیداوە وەک کفر و ناماقووڵییەک ئەو خۆپیشاندانانە وێنا بکا. سەرچاوەی ئەو جیهانبینییەش بۆ روانگە ئایین و شارەگەکانی خێڵ دەگەڕێنەوە نەک بنەمایە سەرەتایەکانی دەسەڵاتێکی مەدەنی، کە ئەو دەسەڵاتە بەناو بانگەشەی بۆ دەکا. بۆ نموونە، ئەگەر مرۆی وشیار سەرنج بدا، کە نوێنەرانی "دەسەڵات"ی کوردی لەسەر دیاردەی خۆپیشاندان و کۆچی گەنج بۆ هەندەران و گەندەڵییە

رەگئاژۆیەکانی حوکمەتی کوردی قسە دەکەن، هەمیشە چەند قسەیەکی راشکاویان هەیە، ئەویش: "گەنجی کوردی تەمبەڵە"، "پرۆژەی نییە"، "هەستی نەتەوایتی نییە"، "بە فیتی دەرەکی تێکدەری دەکا"... قسەگەلێکی لەم تەرزە، کە ئەوپەڕی نەزانی چەواشەکاریی و تەڵەکەبازی دەسەڵات جەخت دەکەنەوە. چونکە نارەزایی گەنج و هاتنە سەر شەقام بە دژی رەوشێک، لەوپەڕی سادەییدا هۆکردی نادادپەروەریی و بۆشاییە قووڵەکانی دەسەڵات رادەگەیەنێ. هەر نکۆڵی کردنێک لەو راستییە بەڵگەنەویستانە، بێجگە لە پێشلکردنی بنەما دیمۆکراتیی و بەرپرسیارییە ئێتیکییەکان، هیچی تر نییە. لە دواجاریش ئەو بەرتەکانە مانایەکی راشکاوی تەنگژەی دەستەڵاتە. چونکە هۆکردی ئەو خۆپیشاندانانە بەندە بە سیستەمی سیاسی، بە مانا فروان و ئێستێتیکییەکەی، کە بەرپرسیارییەکی ئێتکی و نەتەوایەتی هەیە لەبەرانبەر بەهایە نەتەوایەتیی، جڤاکیی، ئێتیکیی و خەونەکانی کۆمەڵگا. ئەوەی کە کۆمەڵگایەکی روح بەرز و کارا دەخەملێنێ، سیستەمی پەروەردەیەکی بەرهەمهێنەرە. ئەوەی ئەو سیستەمەش دادارێژێ، گوتاری دەسەڵاتێکی نوژەن و تەندرووستە نەک گەندەڵ و وێران. هەر بۆیە ئەوە سیستەمێکی خاوەن پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە و تیمارکەرە کە دەتوانێ برینە قووڵەکانی کۆمەڵگای کوردستان و گەنجێک کە بەرهەمی دوو قۆناخی ئالۆزی رژێمی سەددام و شەڕی نێوان دوو حیزبی کوردییە چارەسەر دەکا، نەک بە پێچەوانەوە. بەڵام بە گشتی گەنج هەمیشە لە هەموو جیهان و قۆناخێکدا هەڵگری خولیایەکی ئەنارشیانەیە؛ هێندەی حەزی لە دۆزینەوەی نادیارییە هێندە حەزی لە ژیانێکی قەتیسماو نییە؛ هێندەی حەزی لە تێکدانی بەهایە چەقیوەکانە هێندە حەزی لە پەرستنیان نییە...

لەو روانگەیەوە حیزبی کوردی هەتا ئەمڕۆش لە بیری ئەوەدا نییە دان بە هۆکار، رەوایەتی، رەهەند، ئاکامەکانی ئەو خۆپیشاندان و نارەزیبوونانەی گەنجەکان بنێ، کە دەربڕی کۆی ئازارەکانی خەڵکی ماف خوراوی کوردستانن. چونکە ئەوەی حیزبی کوردی ئاراستە دەکا، بەردەوامییەکە لە دەسەڵاتێکی هەرارکییەکی خێڵەکی یان بەردەوامییەکە لە رەفتاری رژێمە ملهووڕەکانی جیهانی ئیسلامی. دەسەڵاتێکی ئەوها کە بێبەرییە لە بنەمایە سەرەکییەکانی دیمۆکراسی، ناتوانێ بەهای مافی داخوازی کۆمەڵ و تاکەکانی کۆمەڵگایەکەی بخوێنێتەوە. دەسەڵاتی کوردی کتو مت وێنای ئەو باوک و سەرۆک خێڵە خاوەن دەسەڵاتە رەهایەیە کە بڕیاریداوە هەموو ئەندامەکانی خێزان و خێڵ دەبێ بۆ دەسەڵاتە خوا پێدراوەکەی مل کەچ بن. ئەو جۆرە دەسەلاتە هەموو نارازییەکی کۆمەڵگایەکەی بە کفر و تاوان دەخوێنێتەوە. ئەو دەسەڵاتەی کە وێنای کەڵەگاییەک دەنوێنێ ، ئاراستەیەکی نەگۆڕی هەیە، لەبۆیە هەر جووڵەیەکی جەماوەر بە دژی ئەو ئاراستە رووبدات، وەڵامێکی گوتراوی جێگیری هەیە. هەر بۆیە هەتا ئەمڕۆش"خوێندنەوە"ی "دەسەڵات"ی کوردی لەسەر خۆپیشاندان و داواکارییەکانی جەماوەر، گوتنەوەی ئەو حیکایەتە دارێژراوانە بووە کە هی نەریتی خێڵە. کەواتە خوێندنەوەی دەسەڵاتە لەو حیکایەتانە چڕ دەبنەوە کە نەخوێندەوارێکیش سەرچاوەکانیان دەزانێ: "دەستێکی دەرەکی لە پشتەوەی خۆپیشاندانەکاندا هەیە". "گەنجەکان تێکدەرن". "حیزبێکی نەیار هاندەرایانە". ئەوانە خائینن" و قسەگەلێکی تر لەسەر ئەو وەزن و قافییانە. بە دیوێکی تریش، بەهانەکانی دەسەڵاتی کوردی بۆ خۆی بریتییە لە: "هێشتا حوکمەت ساوایە". "حوکمەتی کوردی هەوڵدەدا داخوازییەکانی خەڵک جێبەجێ بکا". "ئێمە بە هەڵبژاردنی زۆرینەی خەڵک دەسەڵاتمان وەرگرتووە"... چەندان قسە و پەیمانی زارەکی لەو چەشنانە، کە هەتا ئەمڕۆش لە قسە، قسە، قسە ... بترازێ، هیچی تر نەبوونە . سەرچاوەی ئەم قسە بێکردارانەش بۆ ئەخلاقی دەسەڵاتێکی تاکڕەوی لە خۆ بایی خێڵەکی دەگەڕێتەوە، کە هەوڵدەدا بەو قسە سۆز ورووژێن و دەست بەسەر داهێنان و بەزەیی پێهاتنەوە کۆیلەکانی هێور بکاتەوە. ئەو دەسەڵاتە لە بیری ئەوەدا نییە سەرنج لەو نەوە گەنجەی کورد بدا، کە بەرهەمی راپەڕینی 1991 و ئاکامگیرییەکانی ئەو نائومێدیانەن کە بوونە بەرهەمی دوای راپەڕین. هەر بۆیە تووڕەییەکانی ئەو گەنجە هەتا دێ بەرەو فرەوان بوون دەچێ. کەواتە ئێمە کاتێک بە روانگەی کۆمەڵێ

دەستەواژەی هاوسەردەم و نامۆ بە زمانی کوردییەوە گرفتەکانی کۆمەڵگای کوردی دەخوێنینەوە، دواجار قسەکانمان لە هەوادا دەمێنێتەوە، چونکە ئەو زمانەی ئێمە پێیەوە دەپەیڤین لە پەیوەندییەکانی زمانی دەسەلات و جڤاکی کوردییەوە بەرهەمنەهاتووە، بەڵکوو لە جیهانێکی ترەوە هاتوون کە لەگەڵ پێکهاتی ئەو بەناو دەسەلاتە نامۆیە. لێرەوە من بڕوام وایە نە "دەسەلات" لە ناوکۆییەکی مێژوویی و کۆمەلایەتی کوردییەوە ئەو خۆپیشاندان و ناڕەزاییانەی جەماوەر و گەنج دەخوێنێتەوە نە زۆرینەی نووسەری کوردیش. چونکە ئێمە وێڵێن لەناو ئەو دەستەواژە و تیوریيە قەبانەی کە هێشتا لە نێوان زمانی خۆپیشاندەران و دەسەلاتدا خەملیوو نییە. بەمجۆرە وەک دەزانین، ئەو دەسەلاتە حەزی لە قسەی "مەدەنی"یە، کەچی ناتوانێ "مەدەنی" بیر بکاتەوە و کار بکا؛ حەزی لە قسەی "دیمۆکراتی"یە، کەچی گاڵتەی بە مافی هاوولاتی و تاکەکەس دێ... نووسەری کورد زارقەڵەباڵغە ناوبردنی فەیلەسووف و تیۆرییەکان، کەچی ناتوانێ ئەو تیوریانە لە وشەوە بکاتە کردی ژیان. لە کۆتاییدا دەکرێ بپرسین: ئاخۆ ئەو دەسەلاتە هەتا ئێستاش خوێندنەوەیەکی قووڵی بۆ خەونەکانی خۆی و ئاییندەی ئەو هاوپەیمانییە رووکەشەی نێوان خۆی ئەمریکا و دەسەلاتی بەغدا کردووە؟!

**پ2/ تـوڕەیی نێوخۆپیـشاندەرانی کوردسـتان و زۆری ژمـارەی خۆپیـشاندەران و فراوانـی مـەدای جـوگرافی خۆپیـشاندانەکان چـیان لێدەخوێنرێتەوە؟**

هەندرێن: تەنینەوەی ئەو خۆپیشاندانانە لە هەڵەبجەی کۆستکەوتووە بۆ دەڤەرەکانی تری کوردستان، پەنگدانەوەی ئازارەکانی زۆرینەی خەڵکی کوردستان رادەگەیەنن. هاوکاتیش فرەوانبوونی و بەردەوامی ئەو بێزاریی و دەنگهەڵبڕینانەی خەڵکی کوردستان کە هەتا دێ فروانتر دەبنەوە، خەمساردی ئەو حیزب و هێزە بالادەستانەی کوردستان لە قەیرەنەکانیان نیشاندەدا. هەڵبەتە راستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە حیزبی کوردی لە دوای 1991ەوە هەتا ئەمڕۆ بە بیانۆی هەبوونی پلان و هەڕەشەی دەرەکی لەسەر کوردستان و بە پەیمانە سەر زارەکییەکانی خواستەکانی خەڵکی کوردی پێشێلکرد، هاوکاتیش دوای رووخانی رژێمی سەددامەوە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا مەنسوول و کەڵەگایەکانی حیزبی و کۆنە جاشەکان لەسەر خوێنی ئەنفال و تێکۆشانی خەڵکەوە بوونە بازرگان و مشەخۆر و دەمڕستی نەتەوایەتی و کۆمەلایەتییەکان، ئیتر جەماوەر بە گشتی و گەنجی کورد بە تایبەتی لەوە تێگەیشتن کە تەواوی ئەو بڕ و بیانۆیانەی کە ئەو دوو حیزبە دەسەلات و هاوپەیمانەکانیان چەندان ساڵە بە خەڵکیان فرۆشتووە، تەنیا هەوڵێک بووە بۆ چاوەشە کردن. بۆیە فروانبوونی ژمارەی ئەو خۆپیشاندان و پەرەسەندنیان بۆ سەرتاپای دەڤەرەکانی کوردستان، زەنگێکی ئاشکرایە بۆ جیابوونەوەی جەماوەر و دەسەلاتی ئەو حیزبڕانییەی کە لە کوردستاندا بالادەستە. لە دۆخێکی هەستداری وەک ئەمڕۆی کوردستاندا، وێڕای هەڕەشەی دەرەکی،کە خەم و ناڕەزاییەکانی خەڵکی هەژار و گەنجی ئایندە وێڵی کورد هەتا دێ راشکاوتر دەبن، کەچی مایەی سەرنجدانە کە ئەو حیزبانە نەک هەر ناتوانن ئەو گرفتانە بە هەند وەرگرن، بەڵکوو هەوڵدەدەن بە حیکایەتە گوتراوەکانیان سەرتاپای ئەو گرفتانەی گەنج و نەگبەتیەی خەڵکی کوستکەوتووی کورد بە "تێکدەر و خائین" پێناسە بکەن. یەکێک لە خەمە گەورەکانی ئەو دۆخە دامالینی هەستی دڵسۆزی گەنجە بەرانبەر یادەوەریی نەتەوەکەی و ئایندە نادیارییەکانی. لێرەوە دەسەلات بەو هەڵس و کەوتە دوور لە بەرپرسیارییە ئێتیکییەکانەوە ئایندەی خۆی و گەنجی کورد تووشی کارەسات دەکا. بە کورتی ئەگەر حیزبە بالادەستەکانی کوردستان بەمجۆرە بەردەوام بن لە پێشێلکردنی مافە سەرەتاییەکانی خەڵک، ئەوە لە ئاییندەیەکی زۆر نزیکدا ژیانی گەندەڵی حوکمەتی کوردی تووشی هەراسانییەکی بێڕادە دەبێ. ئەگەریش ئەو بارودۆخە شپرزەیە لە عێراق یەکلابێتەوە، ئەوە بە دڵنیاییەوە حوکمەتی کوردی رووبەڕووی شەپۆلێکی توند

و تیژی جەماوەریانە دەبێتەوە، ئەوکاتەش نەک هەر چیتر قسەگەلێکی بێ کردەی وەک "مەدەنی و دیمۆکراسی" بە هانای دەسەلاتەوە نایێن، بەڵکوو جۆرج بۆش و حوکمەتی بەغداش بە هانای ئەو حوکمەتە حیزبڕانەوە نایێ.

**پ3/لە هەندێك لە خۆپیشاندانەکاندا سیمبولەکانی نەتەوەش خرانە ژێر تورەییەوە، بەدەر لەوەی کە ئەمە کارێکی لەو شێوەیە بێت کە دەسلات پێی دەڵێت گێرەشێوێنی و خیانەت، ئەکریَ وردتر بڕۆین و چیتری لێبخوێنینەوە؟**

هەندرێن: ئەو دەسەلاتە لە روانگەی ئێتێکی نەتەواتییەوە سەیری ئەو سیمبوولانە ناکات، بەڵکوو بۆ نموونە، وەک بەهایەکی پیرۆزی حیزبەکەی خۆیەوە سەیری مێنیمۆنتی هەڵەبجە دەکا. پەلاماردانی ئەو سیمبوولانە لەیەن هاوولاتیانەوە لە رووی دەرەکیی و ناوەکییەوە ریسوواکردنی سەرچاوەی ئەو دەستەکەوتە مانەوی و مادديیەکانی دەسەلات رادەگەیەنێ. هاوکاتیش کاتێک هەزاران گەنج و خەڵکی نەداری کورد لە رووی ئەو رەفتارانەی دەسەلات رادەپەڕن و سیمبوولی شارەکانی خۆیان دەڕووخێنن، ئەوە راستییەکی بەڵگەنەویستە کە ئەو دیاردەیە نەک هەر "گێرەشێوێنی" و نە "خیانەت"یش نییە، بەڵکوو ئەوە پەلاماردانێکە بۆ ناخی دەسەلات. چونکە لە رووی کۆمەڵناسییەوە سیمبوولەکانی ناو شار واتای سیمبوولەکانی ئەو دەسەلاتە بەرجەستە دەکەنەوە کە بالادەستە. هەر بۆیە لە هەموو جیهاندا کاتێک جەماوەر بە رووی دەسەلات رادەپەڕێ، پەلاماری سیمبووله زەقەکانی ناو شار دەدا، کە ئەمەش واتای پەلاماردان و ریسووا کردنی دەسەلات خۆیەتی. هەر ئێستا کاتێک دەسەلاتی دانمارکی بڕیاریدا سێنتەرێکی گەورەی گەنجان لە کۆپنهاگن دابخەن، گەنجان رژانە ناو شەقامەکان و پەلاماری تەواوی سیمبوولەکانی دەسەلاتیان دا و هەتا ئێستاش ئەو رابوونەی گەنجان بەردەوامە. دوای ئەوەی زۆرینەی گەنجی کورد لەوە تێگەیشتن کە ئەو سیمبوولانە بەهای یادەوەری ئەوان و کۆستی شارێکی وەک هەڵەبجە بەرجەستە ناکەنەوە، ئیتر لە پێناوی گێڕانەوەی ئەو بەهایە یادەوەریانەوە بوو پەلاماری ئەو سیمبوولانەیاندا، کە توێژێکی گەندەڵی حیزبڕان بازارگانی پێوە دەکەن. بەمجۆرە دیاردەی پەلاماردانی سیمبوولەکان لە لایەن گەنجی راپەڕیووی کوردەوە رێگە خۆشکردنە بۆ سەرهەڵدانی هێرشێکی کوشندە بەرەو ناخی ئەو دەسەلاتە حیزبییەی کە ئەمڕۆ بە پێکهاتە گەندەڵییەکەی خۆی و ئامادەیی سەربازەکانی ئەمریکاوە سەر مەستە. ئەو دەسەلاتە هەروەک پێی وایە ئەو دۆخە دەرئاوێتەیە ژیانێکی ئەبەدی بۆ ئەو مەیسەر کردووە. کێشەی حیزبی کوردیی ئەوەیە، جا بە ئاگا و بێئاگا بێ، هێندەی لاسایی رەفتارەکانی رژێمی سەدام دەکاتەوە،هێندە بیر لە چارەنووسی کۆتایی ئەو رژێمە ناکاتەوە. هەر بۆیە ئەو رەفتارە کەڵەگایی و حیزبڕانییەی کوردستان ئەگەر بەمجۆرە قسەگەلێکی وەک: "مەدەنی"، "دیمۆکراسی" و "بانگەشەی هەڵبژاردن" ... لە بانگەشەوە نەکاتە کردە، ئەوە لە داهاتوودا ئەوە نەوە گەنجە ژیانی ئایندەی خودی ئەو دەسەلاتەش دەخاتە ژێر چەپۆکی خۆیەوە. چونکە ئەوەی کە هێزی چەوساوە و پشتگوێ خراوی گەنجی کۆمەڵگا رێکدەخا، خودی رەفتارە چەواشەکار و پێشێلکردنی مافەکانی خەڵکە لەلایەن دەسەلاتەوە. کاتێک ئەو دەسەلاتە بە بانگەشە زێدەڕۆییەکانی خۆیەوە ریسوابوونی خۆی رادەگەیەنێ. هەر بۆیە من وایدەبینم هەتا دەسەلات بەردەوام بێ لە پێشێلکردنی ماف و سیمبوول و بەهایە شۆڕشگێڕیی و رووحییەکانی جەماوەری کوردستان، ئەوە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەو دەسەتەلاتە بە خۆی و سیمبوولەکانیشی دەبنە مێژوویەکی ریسوواکراو.

**پ4/ دەسەلات بۆچی ئەوەندەی لە خەمی سیمبول و گۆڕەکان و پیرۆزگەرایی سیمبولەکان و روخسارەکانەوەیە و لەوە کۆڵیەوە، ئەوەندە لە خواست و ناوەرۆکی خۆپیشاندانەکان نەکۆڵیەوە، لە کاتێکدا سوتاندنی مینۆمێنت و رەمزەکان ئە نجامە نەك هۆکار و گێرشێوێنی گەنج؟**

هەندرێن: چونکە حیزبی بالادەستی کوردی هەموو هەوڵەکانی لە رازاندنەوەی رووخسارە دەرەکییەکانیاندا چڕ کردۆتەوە. چونکە ئەو دەسەلاتە هەموو خەمەکانی ئەوەیە لە دەرەوە قەبوول بکرێ. ئەو دەسەلاتە هەڵگری

پرۆژەیەکی نەتەوەیی و جڤاکیی نییە، چونکە هەست بە لاوازی ویستی خۆی دەکا، بۆیە لە خەونی ئەوەدایە بەو ئارایشکردنی رووخسارەکانی خۆی رەزامەندی زلهێزە دەرەکیەکانی خۆی مەیسەر بکا. هەر بۆیە جێگەی سەرنجە ئەو دەسەڵاتە رۆژانە خەریکی داواتکردنی میوانە بیانییەکانە. ئەمەش بەشێکی جۆرە سواڵکردنێکی دەسەڵاتە لە هێزە دەرەکییەکان. هاوکاتیش ئەو دەسەڵاتە کاتێک بەوپەڕی نەرمییەوە رووخساری خۆی بۆ هێزە دەرەکییەکانی خۆی نیشاندەدا، کەچی کەڵەگایانە وەڵامی داخوازیی و تووڕەییەکانی گەنج و هەژاری کورد دەداتەوە. بەهەمە حاڵ ئەو دیاردانە مایەی لێکۆڵینەوە راڤەی سەرنجکێشن، لێ مخابن هێشتا نووسەری کورد لەو ئەرکانە دەستکورتە. بۆ نموونە سەیری ئەو درووشمانە بکەن کە هەموویان دەلالاتی رووخسار پەرستی دەگەیەنن: "حکومەتەکەمان نموونەی دیمۆکراتییە"، کەچی بێبەرین لە بنەمایە سەرەکییەکانی بەهای دیمۆکراسی. نمایشکردنی ناوی پرۆژە بازرگانییەکان، کەچی هەموو پرۆژەکان لە خزمەتی گیرفانی مەنووسەلەکاندایە، پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، کەچی وێڕای فشۆڵی ئەو پرۆژانە، بەشێکی زۆریان قووڵکردنەوەی نادادپەروەرین. زارقەڵەباڵغییەکی زۆر لە کۆمەڵگای مەدەنی دەکرێ، کەچی چاوەشەکارترین پرۆسەی مەدەنی لە کوردستاندا لە ئارادەیە. جێگەی سەرنجە، ئەو دەسەڵاتە کوردییە بەوە سەرمەستە کە سەرۆکی حکومەتی کوردستان لەگەڵ جۆرج بۆش بە جلی کوردییەوە دانیشتووە، گوایە بۆشی بابە گەوەرە بەوە مافە تەتەوایەتییەکانی بە ئێمە بەخشیووە. هاوکاتیش دەسەڵات پێی وایە کاتێک سەرۆکی ئێراق لە کۆبوونەوەیەکی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە کوردی دوو قسەی کرد، ئیتر ئەو رێکخراوە دانی بە کورد ناوە. ئەو دەسەڵاتە بە بانگەشەیەکی بێوێنە لە مافی ژن و بە گەڕەکێک لە رێکخراوی بەناو ژن/ئافرەتان سەرگەرمی کردووین، کەچی هیچ کاتێک وەک ئەمڕۆ ژنی کورد سووکایەتی پێنەکراوە. لەوەش زیاتر، ئێوە سەرنجبدەن، دەمڕاستەکانی بەناو "راوێژکاری ژن و ئافرەتی حکومەتی کوردستان"، هێشتا کێشەی کچێکی مافخوراوی کوردیان بە کردە چارەسەر نەکردووە، کەچی بۆ رازاندنەوەی رووخساری ئەو دەسەڵاتە "کۆنفراسی ژنانی کوردستان" لە ئەورووپادا دەبەستن. لەوەش زیاتر، ئەو هەموو راوێژکار و رێکخراوانەی ژنان/ئافرەتان نەیانتوانییووە کەمێک ئەو کشت و برە لە سەر ناوگەڵی ژن سووک بکەنەوە؟ بۆ تا ئێستاش ئەوانە نەیانتوانییووە رچەشکێنییەک لە نەریتی باوی دەسەڵات و کۆمەڵگا ئەنجامبدەن؟ بۆ ئەوانە ناتوانن بڕیارێک بۆ مافی خۆشەویستی لە نێوان کیژ و کوڕان گەنج بکەنە بڕیارێکی کردەیی؟ لێرە وێڕای رێزمان بۆ ژیانی سروشتی مەلاژنە، دەکرێ بەشێکی زۆری راوێژکار و نوێنەری رێکخراوەکانی ئافرەت/ژنانی ئەو حیزبانە بە مەلاژنی حیزبەکان ناودێریان بکەین. چونکە ئەگەرچی مەلاژن و ژنە فالگرەوەکان توانیوویانە بە کارامەیی هونەرە جادوویی یان سروشتییەکانی خۆیانەوە بەشێک لە کۆستەکانی کچانی گەنج هێور بکەنەوە، کەچی ئەو ژن/ ئافرەتانەی رێکخراوەکانی حیزب نەیانتوانییووە بەشێکی کەم لە کێشەکانی ئەو کیژە گەنجانە چارەسەر بکەن. هەڵبەتە لێرەدا ناکرێ بەشێکی کەمی ئەو ژنە راستگۆ و رێکخراوە ماندوونەناسانە لە یاد بکەین، کە بە توانای خۆیان کاریان کردووە. هاوکاتیش ئەو حیزبانە ئاشقی ئەوەن کە کوردستان لە تێڤییەکانەوە وەک وڵاتێکی رازاوا نمایش بکەن، کەچی هەقیقەتی ئەو کوردستانە، کورد واتەنی "دوور کوژی نزیک خەسارە". لەوەش گەڕێین کە دەسەڵات لە خەونی ئەوەدایە هەولێر بکاتە دوبەی. هەڵبەتە خەونی بە دوبەی کردنی هەولێر واتای روانینێکی رووکەشانەی ئەو حوکمەتە دەگەیەنێ.

مەبەستمان لە نمایشکردنی ئەو نموونانە ئەوە بوو کە بڵێین ئەو "دەسەڵات"ە هەموو بانگەشەکانی لە نمایشکردنی شێوە و زەقکردنەوەی رووخسارەکاندا قەتیسماوە. ئاشکرایە گرنگدانێ دەسەڵات بە رووخساری دەرەکی و بە پیرۆزکردنی سیمبوولەکانی خۆی لە بری بەهای قانوون و ماف و ئەرکە سەرەکییەکان، واتای ئاستی رۆشنبیریی ئەو دەسەڵاتە رادەگەیەنێ.

له لایەکی دیکەشەوە، دەسەڵات بە هۆی ئەو پێکهاتەیەوە ئەگەر لە هۆکارەکانی سووتاندنی ئەو سیمبوولانەوە بکۆڵێتەوە ناچار دەبێ دان بە تەنگژە و کەم و کورِییەکانی خۆیەوە بنێ. ئەمەش دەسەڵات ناچار دەکا بیر لە گۆرِینی خۆی بکاتەوە. بەڵام دەسەڵاتێک کە خۆی لەناو درووشمە رووکەشەکانەوە نقوومکردووە، بۆیە ناتوانێ بیر لە هۆکردەکانی تێکشاکاندنی سیمبوولەکانی و توورەییەکانی گەنجان بکاتەوە. ئەو دەسەڵاتە ئەوەندەی بە پیرۆزکردن و تاپۆکردنی ناو رووخسارەکانی خۆیەوە سەرقاڵە، هێندە بە رەهەندە بەهادارەکانی مێژووی کورد و خەونەکانی مرۆڤی ئازادی کوردەوە سەرقاڵ نییە. هەر بۆیە ئەو دەسەڵاتە لە لایەکەوە بە گەندەڵییەکانییەوە بەهایە نەتەوایەتییەکانی وەک ئەنفال و هەڵەبجە و پێشمەرگایەتی و وێرانکردنی دێهاتەکان سووک دەکا، کەچی لە لایەکی تریشەوە خەریکی بە سێنتەر کردن و پیزرۆزکردنی سیمبوولە دەستکردەکانی خۆیەتی. داواجاریش ئاکامی ئەو لێکناکۆییەی حیزبی کوردی تەنیا هەڵکۆڵینی چاڵێکە بۆ دەسەڵاتە رووکەشە بە پیرۆزکراوەی خۆی.

هەر بۆیە ئەگەر دەسەڵات بەراستی هەڵگری درووشمەکانی "مەدەنی و دیمۆکراسی"یەکان بێ، دەبوو دوای ئەو خۆپیشاندان و نارەزاییە فرەوانەی گەنجان و سەرهەڵگرتنیان بۆ ژیانێکی نادیار، وەرچەرخانێکی بنەرەتیی لە بیرکردنەوە و رەفتارەکانی خۆی دروست بکردبا. هاوکاتیش دەسەڵات هەتا بتوانێ هەوڵدەدا گەنج تەمبێشی بکا. کەواتە پەنابردن بۆ ئاکامەکانی تێکشکاندنی ئەو سیمبوولانە بە دەستی گەنجانی راپەرِیوو، ئەوپەرِی کۆنپارێزی و رووحی شێوەپەرستی یان سیلاک بوونی ئەو دەسەڵاتە رادەگەیەنێ، کە خەڵکی کوردستان و جیهانی بە درووشمە زلەکانییەوە سەرگێژ کردووە.

**پ5/ پەیوەندی نێوان دەسەڵات و گەنجان چۆن دەبینی لە حاڵێکدا نارەزایی گەنجان لەرادەی بێئومێدیدایە و بێباکی دەسەڵاتیش لە پرۆژەکانیەوە دیارە کە گەنج لە پەراوێزی دەسەڵاتیشدا جێی نابێتەوە؟**

هەندرێن: راستت دەوێ، لە پرۆژەکانی ئەو دەسەڵاتەدا، نەک هەر گەنج لە "پەراوێزی دەسەڵاتدا جێی نابێتەوە" بەڵکوو بێجگە لە توێژێکی باڵادەستی سەرووی ئەو دەسەڵاتەدا، هیچ چین و توێژێکی تری کۆمەڵگای کوردی جێگەیەکی شیاوی نییە. لەو روانگانەی کە لە وەرامی پرسیارەکانی پێشووماندا نمایشمان کردن،تەنگژەی ئەو دەسەڵاتە هەر تەنیا پەراوێزکردنی گەنجان نییە، بەڵکوو لە بە هیرارکیکردنێکی خێڵەکی و سیمبوولیی و کۆنباوی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کۆی کۆمەڵی کوردی و خودی خۆشیدا بەرجەرستە دەبێتەوە. چونکە وەک دەبینین توێژێکی بچووکی ئەو دەسەلاتە نەک هەر وێنای پادشایەکی خاوەن دەسەڵاتێکی رەهای ئابووری و سیاسییە، بەڵکوو سەرچاوەی هەموو نەگبەتییەکانی گەنج و قەدەری خەونەکانی کوردە. هەر بۆیە دەسەڵات لە بری ئەوەی ئەرکی دابینکردنی نەوەیەکی ویستخواز و بەرهەمداری گەنجان بێت، کەچی بە رەفتار و پاشەگەردانییەکانییەوە بەردەوامە لە کوشتنی وزە و خولیایەکانی. ئەو دەسەڵاتە لە بری ئەوەی لە ریگای فەراهمکردنی سیستەمێکی پەروەردەی نوێباو و سێنتەرگەلێکی سەربەخۆی گەنجان، کەچی خەریکی پیرکردنی ئاوەزی ئەوانەیە. ئەو دەسەلاتە بە درووشم و دەمامکە مەدەنییەکانییەوە لە هەوڵی ئەوەدایە گەنج بکاتە سووپایەکی گۆشکراوی حیزبی، هەر بۆیە بە کردنەوەی ئەو بارەگایە حیزبیانەوە، کە ئەوانەش بە رووخساری رێکخراو و دەسگای رۆشنبیریی گەنجانەوە دەرازێنێتەوە، ناخی گەنج بە گەمەکانییەوە رام بکا و لەوێشەوە گەنجی کورد بکاتە وێنەیەک لە مۆدێلی دەسەڵاتە پیرەکەی خۆی، یان بیکاتە ئارایشێک بۆ رازاندنەوەی رووخسارە کەنفت و گەندەڵەکەی خۆی.

لێرەوە گرفتی پەیوەندییەکانی دەسەڵات و گەنج لەوەدایە کە دەسەڵات لە ڕێگای بە حیزبیکردنی تەواوی ڕێکخراو و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانی گەنجەوە هەوڵدەدا ویستی جیاوازی و سەربەخۆی گەنجان لەناو خۆیدا بتوێنێتەوە و بەمەش ئەگەری بەرهەڵستکاری لە داهاتوودا بنەبڕ بکا. هاوکاتیش دەسەڵات ڕەوشێکی دروستکردووە، کە لەوێدا سووپایەک لە گەنجی بە ڕێکخراوی بەناو مەدەنییەکی بێ بەرهەم سەرقالکردووە. بەمجۆرە ئەو پەیوەندییە لەسەر ئارەزوویەکی هاوبەشی نێواندەسەڵات و گەنجدا دروستنەکراوە، بەڵکوو ئەوە دەستەڵاتە کە شێوەی ئەو پەیوەندییە دەسەپێنێ.

لە ڕوانگەیەوە ئەگەر ئێوە سەرنجتان دابێ، دەمڕاستی گەنجانی ئەو حیزبرانە باڵادەستانەی کوردستان کاتێک باسی گرفتەکانی سەرهەڵگرتنی لاوان بۆ ئەورووپا و تووڕەییەکانیان دەکەن، هەمیشە پاش ئەوەی کە هەموو بەرپرسیاریی و خەوشەکان دەخەنە ئەستۆی گەنجان و پاشانیش بە ساردیی و خێراییەوە باسی خەوشە رووکەشەکانی دەسەڵاتەکەی خۆیان دەکەن. ئەو ڕۆژانە بەرپرسێک کە لە پۆشینی دەمامکی گەنجانەدا زۆرزانە، کەچی تا سەر ئێسقان کۆنباوخوازە، باسی ئەوەی دەکرد، کە ئەو پێوستی بە چەند گەنجە وەک شاگردێک کارەکانی بۆ ڕاپەڕێنێ، کەچی گەنجێکی دەستناکەوێ زمانێکی باشی کوردی و عارەبی و ئینگلیزی بزانێ، لە کاتێک خۆشی نەک هەر وتارێکی بەهاداری ڕۆژنامەیی بەو زمانانە نییە بەڵکوو هیچێک لەو زمانانە بە ڕەوانێ نازانێ. کۆمیدی ئەو دەمڕاستەی گەنجانی دەسەڵات، هەروەک پیشەی تەواوی دەمڕاستەکانی ئەو دەسەڵاتە لەوەدا بوو کە بە دامەزراندنی چەند گەنجێک وەک ڕاپەڕێنەری کاری وەزارەتەکەی ئەو، کێشەی گەنجان کۆتایی پێدێ. هاوکاتیش ئەو دەمڕاستەی گەنجان هێندە مەستە بە دەسەڵاتەکەی، بۆیە بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەوە گاڵتەجاڕی سیستەمی خوێند و زانستگایەکانی کوردستانن کە وایان کردووە ئاستی زمان و کارایی خوێندکاری گەنج وێران بێ، واتا ئەوە گەنج نییە کە ناتوانێ زمان فێر بێ، بەڵکوو ئەوە سیستەمی پەروەردە و ئاستی زانستگایەکانە ناتوانن گەنجی زمانزان و کادیری کارایی هەمەجۆر بەرهەم بهێنن. ئەوە ناخی گەندەڵ و رووخسارە بۆیاخکراوەکانی زانستگا و سیستەمی پەروەردەی کوردستانە کە هەموو بەهایەکی خوێندن و نووسینی کوردی ئیفلیجکردووە.

هاوکاتیش گەنجی کورد بریتییە لە فروانترین توێژی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردستان، هەر بۆیە ناکرێ هەموو گەنجی کورد ببنە زامانزان و نووسەر و لای ئەو مووچە خۆر بن. لە کاتێکدا ئێمە دڵنیایین کە ئەمڕۆ دەیان گەنجی زمانزان و ڕۆژناماڤانی سەربەخۆمان هەن، بەڵام ئەوە مەرجە حیزبییەکانی دەسەلاتە کە ڕێگرن لەبەردەم گەیشتنی ئەوان بۆ ئەو کارانە. لێرەوە کارەساتی ئەو پەیوەندییەی نێوان گەنج و دەسەڵاتمان بۆ دەردەکەوێ.

هاوکاتیش خەوشەکانی بەشێکی دیاری گەنج ئەوەیە، کە لە جیاتی ئەوەی هێندە ئاوێزانی مۆبایل و وێنگەرتنی کچان و سووکایەتی پێکردنیان بێ، وزەکانی خۆیان بە کارێکی ڕچەشکێن تەرخان ناکا. کارێک کە بتوانێ لە ڕێگای پرۆژەیەکی نموونەیی سەرنجکێشەوە نەریتێکی جێگری زیان بەخش لە ناخی کۆمەڵگادا تێکبشێکێنێ. چالاکیگەلێکی لەم چەشنە ڕچەشکێنەی گەنج دەتوانێ هاوسەنگی ئەو پەیوەندییەی نێوان خۆی دەسەڵات وەرچەرخێنێ. دەکرێ ئەنجامدانێکی کردەیەکی لەو جۆرە بە خۆ ڕێکخستنی گەنجان لە شێوەی سەکۆ و ڕێکخراوگەلێکی تۆکمە و ئازاد و زمانێکی بەرجەستەکراودا دەستەبەر بکرێ. بەمەش فشارێکی باش لەسەر حیزبەکان درووست بکا، یان لە ڕێگای ئەنجامدانێ کارێکی نموونەییەوە ڕێگەی ئەو دەمڕاستە نالەبارانەی حیزب نەدا وێنای گەنج چاوەشە بکا. بۆ نموونە تاکوو ئەو وێنایە نەریتەگەراییە لەسەر کچ و پەیوەندییەکانی نێوان کیژ کوڕ بگۆڕێت، دەکرێ گەنجگەلێک خوشک و ناسیاو خۆیان بهێننە ناو ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی یان ڕۆشنبرییەوە

و بەمەشەوە لە نەخشەی بەرنامەیەکی درێژخایەندا چالاکی فرە شێوەی رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی لەناو خەڵکدا ئەنجامبدەن.
لێرەوە هەڵبژاردنی خەونی ئەورووپا لە لایەن گەنج و قەبووڵکردنی ئەو پەراوێزکردنە لە هەمبەر دەسەڵاتەوە، رەوایەتیدانێکە بەو حیکایەتانەی دەسەڵات لەسەر ئەوان. ئەگەرچی دەزانین کە گەنج مەحکومە بەو پەیوەندییانەی کە دەسەڵات بۆی دیاریکردووە، بەڵام لە دواجاردا هەڵبژاردنی سەرهەڵگرتن، بە زاڵبوونی مەرجەکانی پەیوەندیی دەسەڵات تەواو دەبێ. لە کاتێکدا تەنیا گەنجە کە دەتوانێ کۆمەڵگا لە تەنگژەیە رزگار بکا و ژیانێکی نوێ بەرهەمبهێنێ. کەواتە بەشێک لەو هۆکارانەی کە پەیوەندییەکانی دەسەڵات و گەنجان دەستنیشاندەکا و رەوایەتی پێدەدا، خودی راپەڕاندنی ئەرکە ئێتیکی و نرخاندنی ئەو بەهایە رۆشنبریی و رووحیانەیە لای گەنجەوە. لێرەوە بە رای من گەنجی کورد بە هۆی ئەو نیگەرانی و شپرزەییەی کە بەشێکی سەرەکی بووە لە ژیانی ئەواندا، دەستکورتن لە وەرچەرخاندن و جێلەقکردنی ئەو پەیوەندیانەی کە "دەسەڵات" بە پێکهاتە کۆنباوەکەیەوە بۆی دایڕشتووە.

**پ6/ لەگەڵ ئەوەدایت کە خۆپیشاندان و توڕەبون دەروازیەکی گونجاو بێت بۆ گەیاندنی پەیام بەدەسەڵات، لەکاتێکدا هەموو رێگە هێمن و ئاساییەکان گیراونەبەر و بێوەڵام بوون؟**

هەندرێن: هەڵبەتە هیچ دەسەڵاتێک نییە بە ئاسانی مل بۆ هەموو خواستەکانی جەماوەر کەچ بکا. دەسەڵات هەمشە نادادپەوەرە، چونکە پەیڕەوکردنی دادپەروەریی بە دژی خۆیەوە تەواو دەبێ. ئەوەندەی من لە ئەزموونی رۆژئاواوە فێر بووم لە زۆر بواردا ئەگەر دەسەڵات هەست بە ترسی گەنج یان جەماوەر نەکا، ناخوازێ خواستەکانیان مەیسەر بکا. بە تایبەتیش کاتێک دەسەڵاتێک خۆی سیخناخ بێ بە گەندەڵی، ئاسان نییە بە چەند خۆپیشاندانی هێمنانەوە وەڵامی گەنج بداتەوە. من خۆم لە سوێد بەشداری توند و تیژترین خۆپیشاندانی گەنجانم کردووە. لە کاتێک وڵاتی سوێد لە چاو زۆرینەی وڵاتانی رۆژئاوا خاوەنی نەریتی خۆپیشاندانی توند و تیژیش نییە، بەڵام چەند ساڵ لەمەوبەر چەندان جار گەنج بە دژی بریاری دەسەڵات بە کەمکردنەوەی خزمەتگوزاری لاوان و داخستنی چەند هۆڵێکی گشتی گەنجان چەندان شەقامی سەرەکی نێو شاری ستۆکهۆلمیان داگیر کرد. ئەوەی لە پشتی ئەو گەنجانە بوو رێکخراوێک بوو بەناوی "کۆنترۆلکردنی شەقام"، کە لە زۆرینەی وڵاتانی رۆژئاوا بوونی هەیە. ئەوانە ماوە ماوە کە دەسەڵات کارێک بە دژی خواستەکانی گەنج یان خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵ دەکا، هەرچی کۆگا و شوێنی بازرگانییە پەلاماری دەدەن. هاوکاتیش بۆ نموونە لە کاتی دەستگیرکردنی عەبدوڵا ئۆجەلاندا، کوردانی باکوور دەستیان بەسەر چەندان بارەگای دەسەڵات لە شارەکانی سوێد دا گرت و چەندان بەرپرسی حیزبی حاکمی ئەو کاتەی سوێدیان بە دیل گرت، کە خۆم لە یەکێکیان بەشدار بووم. ئەوکات دەسەڵاتی سوێد ئەو کارانەی کوردانی باکووریان بە تێرۆریست لە قەڵەمدا و ئەو مەسەلەیە مێدیاکانی سوێدی تەنییووە. بەڵام رۆژنامەنووسێک راپۆرتێکی درێژی لەسەر رەوایەتی ئەو کردەوەیەی کوردانی باکوور لە رۆژنامەیەکدا بڵاو کردەوە. ئەو رۆژنامەنووسە لەوێدا باسی ئەوەی کردبوو کە زۆرێک لەو کەسایەتی و رێکخراوانەی کە ئەمریکا و زۆرێک لە وڵاتانی جیهان بە تێرۆریستیان لە قەڵەمدەدان، کەچی لە دواجاردا ئەو رێکخراوانە بوونە نوێنەری دان پێنراوی وڵاتەکانیان. ئەو رۆژنامەنووسە باسی زۆر لەو رێکخراو و کەسایەتییە ناسراوانە دەکا کە بوونە سەرۆکی و دەسەڵاتی وڵاتەکەنیان، لەوانە نموونەی ماندێلا و یاسر عەرەفات دەهێنێتەوە. ئەو راپۆرتە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر خوێنەری سوێدی دروستکرد. نموونە زۆرە لەسەر ئەو پرسەی ئێوە.

مەبەستم لە باسکردنی ئەو ڕووداوانە ئەوە بوو، کە مافی گەنجی کوردە بۆ دەستەبەرکردنی مافە ڕەوایەکانی خۆی پەنا بۆ هەموو شێوەیەکی ڕووبەڕوو بوونەوە ببات. کاتێک حیزبی کوردی کردەی توند و تیژی بە زیانبەخش دەزانێ، کەواتە دەبێ ئەویش ڕێز بۆ شێوازە هێمنەکانی گەنجانی کورد دابنێ. بەڵام کاتێک گەنج لەوە تێگەیشت کە "دەسەڵات"ی کوردی بە قەدەغەکردنی خۆپیشاندان دەیەوەی مافەکانیان پێشل بکا، یان بە مانۆڕەکانی تووڕەیی گەنج خەفە بکا، ئەوکاتە مافی گەنجە بە شێوازە جیاوازەکان وەڵامی ئەو دەسەڵاتە بداتەوە. بەڵام پێویستە هەموو ناڕزەییەکانی گەنج هەڵگری داخوازیی ڕاشکاو و بە سوودی چاککردنی خەمەکانی کۆمەڵگا بێ. بەمجۆرە وەک چۆن دەسەڵات ژیانێکی بەختەوەر بۆ زۆرێک لە ماڵ و منداڵی دەسەڵاتدارەکانی خۆی مەیسەر دەکا، کە زۆریان شایەنی نین، هاوکاتیش گەنجی کوردیش مافی خۆیەتی خاوەنی هەمان ژیان بێ. دواجاریش ئەو ڕەفتارە ناڕەوا و نادادپەروەرەکانی دەسەڵاتە کە ڕق و تووڕەی لە ناخی جەماوەر و گەنج دەچنێ، نەک بە پێچەوانەوە.

تۆ ئەمڕۆ دوو زلحیزبی کوردییت هەیە، کە تەواوی مێژووەکەیان بە توند تیژی بەسەر بردووە، ناتوانێ گوێ بە داخوازیی و ڕەخنەیەکی ئاشتیانەی جەماوەر بگرن.

ئەو مەیلە لە قێزەونکردنی تووڕەی گەنجی کورد لە لایەن حیزبەوە، لە قووڵبوونەوەی گەندەڵییەکانییەوە هەڵقووڵاوە. ئەو حوکمەتە بە بیانۆی ئەوەی کە گوایە "توند و تیژی" شتێکە لە "کۆمەڵی کوردەواری ناوەشێتەوە" ، هەوڵدەدا خەڵک بکاتە مێگەلێکی بێدەنگ. کێشە لەوەدایە کە دەسەڵاتی کوردی هەتا سەر ئێسقان گەندەڵە، کەچی بە خەڵک و لاوی کورد دەڵێ، کە بێبەشە لە سادەترین ماف، نابێ ڕەفتاری توند و تیژی بەکار بهێنن! ئەمەش یەکێکە لەو کۆمیدیایەی کە ئەمڕۆ دەسەڵات بە کوردی دەفرۆشێ. گوایە بە خۆی زۆر نەرم و نیانە. ئاخر ئەگەر "زیندانی مەحتە" و ئەوانی تر، پڕ بێت لە گەنج و ژنان بە ناوی "سوزان"ی، ئەو هەموو ئازاردانە دەروونی و جەستەییانەی کە ئەو دەسەڵاتە لە ماوەی 16 ساڵی تەمەنیدا بە دژی گەنج و پیری کورد بەکاری هێناوە، چۆن دەکرێ ناڕەزاییەکان بە دژی ئەو ناعەدالەتی و گەندەڵیانە، بە ئاشتی نیشانبدرێن؟!

هەر ئێستا بۆ ماوەی هەفتەیەکە ڕابوونی گەنجانی دانمارک بە دژی بڕیاری دەسەڵاتی دانمارک لە داخستنی سێنتەرێکی گەورەی گەنجان، دەبێ ببێتە ئەزموونێکی سەرنجکێش بۆ ئێمە. هەروەک دەزانین کە سیستەمی دادپەوەری و کێشەکانی گەنجانی ئەو وڵاتانەی ڕۆژئاوا بە سیستەمی گەندەڵی کوردستان کێشە گەورەکانی گەنجی کوردستان بەراورد ناکرێ. دەمەوێ بڵێم، تێکۆشان بۆ دەستەبرکردنی مافەکانی گەنج شێوازی فرەی گەرەکە.

لێرەوە ناکرێ هەموو کردەیەکی توند و تیژ لە لایەن لاوان و چینەکانی تری کوردستان، وەک ئەو دوو حیزبە ئەوەیان بەدەم گرتووە، بە ناڕەوا و تێکدەرانە، یان "دەستێکی دەرەکی و دوژمنانیان لە پشتە"، ناودێر بکەین. من ئەو قسانە بە "حیکایەت" دەزانم.

**پ7/ دوا چارەی گەنج گەر لە خۆپیشاندانیشدا نەبێت ئەبێت چی بێت؟ سەفەر و هەڵهاتن نابێتە دوا چارەسەر؟**

هەندرێن: سەفەر و هەڵهاتن شێوەیەکی لاواز یان هەڵبژاردنی ڕێگایەکی بێئومێدانەی گەنجە بە دژی دەسەڵات. گەنج خاوەن توانست و تەمەنێکی لەبارە کە بتوانێ لە پێناو بەدیهێنانی مافەکانی درێژە بە خەباتی خۆی بدا. ئێوە دەزانن سەفەر بۆ گەنجی کورد سەخترین ڕێگایە. چونکە گەنج ناتوانێ بە ڕێگایەکی دڵنیا و ئایندەیەکی دڵنیا سەفەر بکا. بڕینی ئەو هەموو ڕێگا و سنوورە سەختانە و گەیشتن بە وڵاتێکی ئەوروپی و بێ زانینی زمانێکی

ئەورووپیش، خۆی جۆرە بە هەدەردانی تەمەن و وزەیەکی زۆری گەنجە. ئەمڕۆ وێڕای سەختبوونی مافی پەنابەری لە رۆژئاوادا، دەبێ چەندان ساڵ لە چاوەڕێییەکی کوشندەدا بمێنیتەوە. ئەمەش خۆی پرۆسیەکە لە مەرگ. دواجاریش ئایندەی گەنجی کورد لە رۆژئاوادا، لەبەر دەیان هۆکردی نەتەوەیی، کولتووری، ئاینی و ... هتد، جۆرە نامۆ بوونێکی روحیی و سەرەتای چەوساندنەوەیەکی نوێیە. بۆیە لە جیاتی ئەوەی گەنجی کورد پەنا بۆ رێگای ئەو سەفەرە هات و نەهاتە بدا و تەمەنی گرنگی خۆی بەو نەهامەتیانەوە بە فیڕۆ ببات، لە وڵات و شارەکەی خۆیەوە ژیانێکی ئاسوودە دەستەبەر بکا. داهێنانی ئەو ژیانەش بە رێگای چالاکی هەمەجۆرەوە مەیسەر دەبێ. لە ئەزموونی خۆمەوە تێگەیشتم کاتێک مرۆڤ بە پاشخانێکی هیلاکەوە دێتە وڵاتێکی تەواو جیاواز لە کوردستان، دواجار ئەو ژیانە دەبێتە مێردەزمەیەکی بێدەنگ و لە کۆڵی ژیانە نوێیەکەشت نابێتەوە. چونکە مرۆڤ بەرهەمی یادەوەرییەکانی خۆیەتی. بەڵام ئەگەر گەنجێک خاوەن خەونی بەهادار بێ، واتا وەک لای زۆرینەی کورد بۆتە باو، پوول و پارە نەبێ، سەفەر کردن ئەزموونێکی سوودبەخش و سەرنجکێشە.

2007.3.7

ستۆکهۆلم